Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.13

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Harem Jamal Rashid
harem.haweze@su.edu.krd

RECEIVED :19 /03/2025
ACCEPTED :06/07/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

# ئامێری عود: ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ژەنین و پێشکەوتنی موزیکدا

**هەرێم جمال رشید/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**سرود فؤاد محمد/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
مێژوو،
ئامێری عود،
ڕەنگدانەوە،
پێشکەوتن

## پوختە

عود ئامێرێکی موزیکی تەقلیدیە و مێژوویەکی دووردرێژ و ڕەگێکی قووڵی لە کەلتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە بەتایبەتی گەلی کورد و عەرەب. عود لە جەستەیەکی تەختەی جیاواز پێکهاتووە، کە چەندین ژێی هەیە، کە بە پەنجە یان پەڕ (ڕیشە) دەژەندرێت. مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، زانایان پێیان وایە کە عود لە میزۆپۆتامیاوە سەرچاوەی گرتووە و دواتر گەلانی تری جیهان پێی ئاشنا بوون لەوانە گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا باکووری ئەفریقا. گرنگی ئامێری عود زیاتر بوو لە ئامێرێکی موزیکی. بە درێژایی سەردەمەکان ڕۆڵێکی گەورەی لە کەلتووری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گێڕاوە. لە کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەگشتی و کوردییەکان بەتایبەتی، عود هێمای هونەر و ناسنامەی کەلتووری بووە. ئێوارەکانی موزیک و خێزان و هاوڕێیانی کۆکردۆتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە ڕێگەی ژەنینی و گۆرانی ووتن بەهێزتر کردووە، ڕەنگدانەوەی میراتێکی دەوڵەمەند لە چیرۆک و هەستەکان بووە. لەڕووی سیاسیشەوە ئامێری عود پەیوەست بووە بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و جیهانی ڕۆژهەڵاتی. هونەرمەندان و داهێنەران بەکاریان هێناوە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئامێری عود ئامرازێک بوە بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گۆرانی و ئاوازەکانەوە کە مانای قووڵیان هەیە. لەڕووی کردارییەوە ئامێری عود بەشێکی گرنگە لە کەلەپووری موزیک، چونکە لە بونە جۆراوجۆرەکانی وەک هاوسەرگیری و ئاهەنگەکاندا بەکاردەهێنرێت و هاوسەنگییەک لەنێوان کۆن و مۆدێرن لە جیهانی هونەری هاوچەرخ دروست دەکات. هەروەها هاوشێوەی زۆرێک لە ئامێرە موزیکییە باوەکان ئامرازێکە بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی نەوەکانی نوێ لە هونەری موزیکدا، پاراستنی کەلەپووری کلتوری دەوڵەمەند. هەروەها ئامێری عود پردێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا نیشان دەدات، ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی دووردرێژە لە داهێنان و دەربڕین، و بەردەوامە لە پاراستنی پێگەی خۆی وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی هونەر و موزیکی ڕۆژهەڵاتی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١.پێشەکی:

### ١.١ ناساندن و پێشەکی توێژینەوە:

ئامێری عود یەکێکە لە کۆنترین ئامێرەکانی موزیک لە مێژوودا، کەلەپوورێکی کلتوری دەوڵەمەندی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی موزیکی کوردیش هاوشێوەی ناسنامە عەرەبیەکە دەکات. لە سەرەتای بەکارهێنانی لە بواری گۆرانی و موزیک و گرووپەکاندا ئامێری عود ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە داڕشتنی دیمەنی موزیکی کوردی، چونکە لە شێوازی موزیکی جۆراوجۆردا بەکارهاتووە، لە سوننەتیەوە تا هاوچەرخ. لەگەڵ زیادبوونی بایەخ بە پەروەردەی موزیک لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان، لە کاتێکدا پەروەردەی موزیک ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێت، وەک کەمی سەرچاوەی پەروەردەیی، کەمی مامۆستای لێهاتوو و تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ موزیک، هەروەها دەرفەتی گرنگ هەیە کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ باشترکردنی ئەزموونی فێربوون. ئەم دەرفەتانە بریتین لە پەرەپێدانی میتۆد پەروەردەیی داهێنەرانە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ پەرەپێدانی فێربوون، و ڕێکخستنی چالاکی کەلتووری کە پێگەی موزیک لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە.

لەم باسەدا جەخت کراوەتەوە لە دۆزینەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی میتۆدی ئامێری عود لە پەروەردە و فێرکردنی موزیک لە ڕوانگەی ئاستەنگ و دەرفەتەکانەوە، لەگەڵ تیشک خستنە سەر پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان وەک نموونەیەکی زندوو. ئەزموونەکانی ئێستاش شیدەکرێنەوە و پێشنیار دەکرێن بۆ باشترکردنی پەروەردەی موزیک، یارمەتیدان لە بەهێزکردنی ناسنامەی کەلتووری و پەرەپێدانی توانا هونەرییەکانی قوتابیان. لەکۆتایشدا لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشک دەخەینە سەر گرنگی پەروەردەی ئامێری عود وەک بەشێک لە پەروەردەی موزیکی گشتگیر و ڕۆڵی لە داڕشتنی داهاتووی موزیکی کوردی دەخرێنە بەرباس.

### ٢.١ کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە ئەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی فێرکردنی ئامێری عود دەبێتەوە لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر میتۆد و کوالیتی ئەزموونی پەروەردەیی بۆ قوتابیان هەیە. سەرەڕای گرنگی کەلتووری و هونەری ئامێری عود، چەندین بەربەست هەن کە ڕێگرن لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، وەک، کلتور و ئاین و داب ونەریت... کە دەبنە هۆی شکستهێنان لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان.

کەمی سەرچاوەی پەروەردەیی، زۆرێک لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان بەدەست کەمی کەرەستەی پەروەردەیی بەردەست بۆ فێرکردنی ئامێری عود دەناڵێنن لەوانە: کتێب و سەرچاوە و کەرەستەی بیستن و بینین کە توانای فێربوونی کاریگەری قوتابیان سنووردار دەکات. هەروەها کەمی مامۆستای لێهاتوو، پەروەردەی موزیک ڕووبەڕووی کەمی مامۆستای ئامێری عود دەبێتەوە کە کاریگەری لەسەر کوالیتی خوێندن هەیە و دەرفەتی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی خوێندنی موزیکی گشتگیر کەم دەکاتەوە. لەلایەکیتر گرفتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی، هێشتا تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی نەرێنی بەرامبەر پەروەردەی موزیک هەیە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان پشتگیری ئەو قوتابیانە نەکەن کە دەیانەوێت ئامێری عود بخوێنن، بەمەش ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە پرۆگرامەکانی موزیک ناونووس دەکرێن کەم دەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانە و گرنگی وبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و سەرەڕای پێشکەوتنیشی، زۆرێک لە پەیمانگاکان وەک پێویست تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی ئامێری عوددا بەکار ناهێنن و دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی پەروەردەی هاوچەرخ سنووردار دەکەن و نەتواندراوە پرۆگرامی خوێندنی ئێستا مۆدێرن بکەن، گەشەپێدان نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، کە دەبێتە هۆی ناگونجانی پەروەردە لەگەڵ موزیکی مۆدێرن.

### ٣.١.گرنگی توێژینەوە

١. ئاشناکردنی فێرخوازان بە ئامێری عود و پەرەپێدان بە بەردەوامی و گەشەسەندنی خۆشەویستییان بۆ ئامێرەکە.

٢. دەستنیشانکردنی باشترین میتۆدەکانی ئامێری عود و چارەسەرکردنی بەربەست و قورساییەکانی ژەنین لە ئامێرەکەدا.

٣. پەروەردەی ئامێری عود دەرفەت بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێت بۆ دۆزینەوەی بوارە نوێکانی موزیک، وەک ئاوازدانان، ژەنینی گرووپ و هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندەکانی تر. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی تەکنیکی و پیشەیی.

٤. فێربوونی موزیک، بە ئامێری عودیشەوە، دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی هەبێت، یارمەتیدەر بێت بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نەخۆشیە درێژخایەنەکان، و بەرزکردنەوەی هەستی سەرکەوتن و متمانە بەخۆبوون.

٥. لەگەڵ زیادبوونی خواست لەسەر موزیکژەنانی پرۆفیشناڵ، پەروەردەی ئامێری عود دەتوانێت دەرگای نوێ بۆ قوتابیان بکاتەوە لە بوارەکانی وەک، فێرکردن و بەرهەمهێنانی موزیک، کەئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

٦. فێربوونی ئامێری عود یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی هاوکاری نێوان قوتابیان لە ڕێگەی ژەنینی گرووپ و بەشداریکردن لە بۆنەکانی موزیک، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر دەکات و هانی کاری هەرەوەزی دەدات.

٧. بە لێکۆڵینەوە لە ئاستەنگەکان و دەرفەتەکانی پەروەردەی ئامێری عود، دەتوانرێت پرۆگرامی پەروەردەیی کاریگەرتر پەرە پێبدرێت و یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی کوالیتی پەروەردەی موزیک بە گشتی.

### ٤.١ ئامانجی ئەم توێژینەوە

١. زانینی مێژووی سەرهەڵدانی ئامێری عود لەجیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢. ئاشکراکردنی ئەوفاکتەرە مێژوویانەی کە ڕەنگدانەوەی کەریگەری هەبووە لەسەر ئاستی پێشکەوتنی ژەنین و گشت تەکنیکەکانی ئامێری عود.

### ٥.١ گریمانەکانی توێژینەوە

مێژووی ئامێری عود دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن، و لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لە ناوچەکانی باکوری عێراق (نێوان دووڕووبار) سەرچاوەی گرتووە. بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیک وەک ئامێری عود لەوسادا لە بۆنە و کۆبونەوە جۆراوجۆرەکاندا ڕۆڵی بینیوە.

گرینگی ئامێری عود لەناو فۆلکلۆری کوردیدا بەتایبەت لە بەرهەم هێنانی تەکنیکی ورد و دەنگی جیاواز وای کردووە وەک ئامێرێکی پڕهەست ونەست بێت لە جێبەجێکردنی دەربڕینەکاندا، هەروەها پلەوپایەکی تایبەتی هەبێت لەناو کەلتوری کوردیدا.

### ٦.١ سنوورەکانی توێژینەوە

سنوورەکانی توێژینەوەکە ئەو چوارچێوەیە دیاری دەکەن کە بابەتی فێرکردنی ئامێری عود لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان تێیدا دەخوێنرێت و ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. **سنووری جوگرافیا:** هەرێمی کوردستانی عێراق، پارێزگای هەولێر.

٢. **سنووری کاتی:** 1970-2025

٣. **سنووری ئاستی خوێندن:** قۆناغەکانی خوێندن لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان – بەشی موزیک.

### ٧.١ پێناسەی زاراوەکان

**١. مێژوو**: تۆمارکردنی هەموو ئاڵوگۆڕێکی سروشت و کۆمەڵە، باس لە ڕابردووی ئادەمیزاد و ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵگا و جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات، بەجیا و بەیەکەوە بە نیازی تێگەیشتنی ئەمڕۆ و دیاری کردنی ڕێبازی گشتی دواڕۆژ، ئەوەی مێژووی لەسەر دادەمەزرێت ڕووداوەکان. (الأيوبي، 1985. ٤٥)

**٢. ئامێری عود**: ئامێرێکی موزیکی ژێداری تەقلیدیە کە لە موزیکی کوردیدا بەکار دەهێنرێت، بە جەستەی هێلکەیی و ملی درێژی دەناسرێتەوە و بە یەکێک لە ئامێرە سەرەکییەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی دادەندرێت. (حسن، 2002، 112)

**٣. ڕەنگدانەوە**: ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بیرکردنەوەی قووڵ لە شتێک بە شێوەیەکی تایبەت وەک کردارەکان یان ئەزموونەکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتن. بریتییە لە هەڵسەنگاندن بە ئامانجی فێربوون لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بۆ باشترکردنی ڕەفتاری داهاتوو یان پێکهێنانی دیدگای نوێ. (الطائي، 2010، 75)

**٤. پێشکەوتن**: ئاماژەیە بۆ پێشەوە بردن یان جووڵە بەرەو ئاراستەی پێشەوە لە ئەنجامدانی شتێکی ئەرێنی لە هەندێک بوارەکانی گەشەکردندا، وەک گەشەپێدانی کەسی، پێشکەوتنی کۆمەڵگا، گەشەکردن لە بواری تەکنەلۆژیا، بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو بە میتۆدی وەصفی مێژوویی.( الندوي، 2015، 30)

### ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### ١.٢ مێژووی سەرهەڵدانی ئامێری عود و پێشکەوتنەکانی

ئامێری عود یەکێکە لە کۆنترین ئامێرە موزیکییە ژێدارەکانە و ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن، چونکە مێژوو نوسان بڕوایان وایە لە میزۆپۆتامیا (عێراق) لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین سەرچاوەی گرتووە. بەڵگەی شوێنەوارناسی، وەک نووسین و تابلۆی دیواری، ئاماژە بە بەکارهێنانی ئامێری وەک ئامێری عود دەکات لە بۆنە و کۆبونەوە ئاییینییەکاندا. (الصباغ، 1950، 20)

ئامێری عود لە سەردەمی ئیسلامدا گواستراوەتەوە بۆ جیهانی عەرەبی، بەتایبەتی لە سەردەمی عەبباسییەکان (750–1258 ز)، کە لەوێ سەردەمێکی خۆشگوزەرانی گەورەی بەخۆوە بینی. ئامێری عود لەو سەردەمەدا بوو بە سیمبولی کەلتوور و هونەر و لە دیوانی خەلیفە و شاعیران بەکار دەهات، یارمەتیدەر بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی لە کۆمەڵگادا لە سەدەی نۆیەمدا، موزیک ژەنان و فەیلەسوفانی وەک فارابی تیۆری موزیکی پەیوەست بە ئامێری عود یان کۆدەکردەوە و کاراکتەرێکی زانستی و هونەرییان بە ژەنینی دەبەخشی. لەگەڵ سەرەتای سەردەمی ئەندەلوسی (711–1492 ز) ئامێری عود کاریگەری کەلتووری ئەوروپایی هەبوو و شێوازی نوێی ژەنینە و شێوازێکی جیاوازی پیشەگەری دەرکەوت. لەو ماوەیەدا، ئامێری عود بوو بە بەشێکی گرنگ لە موزیکی ئەندەلوسی، و تەنانەت دوای کەوتنی ئەندەلوسیش بەناوبانگ مایەوە. (الوجب، 2016، 129)

ئامێری عود یەکێکە لە کۆنترین ئامێرە موزیکییە ژێدارەکان کە لە شارستانیەتی کۆندا دەرکەوتووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە کەلتووری موزیکی عەرەبی و ئیسلامیدا گێڕاوە. ئەم ئامێرە بە درێژایی سەردەمەکان پەرەی سەندووە، ناسنامەی موزیکی ی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا پێکهێناوە. بە تێپەڕبوونی کات، ئامێری عود لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی دراماتیکی پەرەی سەندووە. لە سەردەمی عەبباسیدا ئامێری عود بە بیرۆکەی هونەری و دەنگە خۆشەکەی بەناوبانگ بوو لە نێو ئامێرە موزیکییەکاندا دیار بوو. لە دیوانی خەلیفە و شاعیران بەکار دەهات کە یارمەتیدەر بوو بۆ برەودان بە کەلتووری موزیک . هەروەها لە سەردەمی ئەندەلوس، ئامێری عود کاریگەری کەلتووری ئەوروپایی هەبوو و شێوازی نوێی ژەنینی سەریهەڵدا، کە یارمەتیدەر بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی موزیکی عەرەبی. ئەم ئامێرە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە موزیکی عەرەبیدا تا سەردەمی نوێ، کاتێک ئامێرە مۆدێرنەکانی ئامێری عود پێشکەوتنیان لە شێوە و ماددە دا بەخۆیەوە بینیوە، کە جوانییەکی دەنگی جیاوازی پێ بەخشیوە. (فارمر، ١٩٨٧، 84)

ئامێری عود لە زۆر ژانرەکانی موزیک دا بەکار دەهێنرێت، هەر لە فۆلکلۆرەوە تا موزیکی کلاسیک. ئەم ئامێرە بەشێکی گرنگە لە کەلەپووری فۆلکلۆری زۆرێک لە وولآتانی عەرەبی گوزارشت لە هەستی مرۆڤایەتی و چیرۆکی کەلتووری جیاواز دەکات و لە ساتەکانی خۆشی و خەمدا بەهێزی دەکات. (سامح، 2004، 45)

لە سەردەمی مۆدێرندا، ئامێری عود هێشتا گرنگی خۆی لە موزیکی عەرەبیدا دەپارێزێت. لە سەدەی بیستەمدا، موزیک ژەنانی بەناوبانگی وەک محەمەد عەبدولوەهاب و سەید دەروێش دەرکەوتن کە بەشدارییان کرد لە ناساندنی شێوازێکی نوێی ژەنینی و ئاوازدانان. ئامێری عود لە ڕووی شێوە و دیزاینەوە پەرەی سەند و ژانرەکانی نوێی وەک ئامێری عود ی کارەبایی دەرکەوتن کە ڕێگە بە موزیک ژەنان دەدات خۆیان لەگەڵ موزیکی هاوچەرخ بگونجێنن. سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ئامێرەکە دەبێتەوە لەگەڵ هاتنی موزیکی مۆدێرن، ئامێری عود هێشتا هێمای هونەر و کەلەپووری عەرەبییە، چونکە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان، کۆنسێرت و ڤیستیڤاڵەکاندا بەکاردەهێنرێت. بەهۆی جوانی دەنگ و دەوڵەمەندی کەلتووری، ئامێری عود وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی موزیکی زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی دەمێنێتەوە و پردێک لەنێوان ڕابردوو و ئێستا لە جیهانی موزیکدا پێکدەهێنێت. (الشوک، 1997، 94)

لە سەردەمی مۆدێرندا چەندین شێوازی ژەنینی ئامێری عود هاتەکایەوە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆری نوێی وەک ئامێری عود ی کارەبایی. ئەم داهێنانانە هەوڵ دەدەن نەریت و مۆدێرنێتی تێکەڵ بکەن و یارمەتی ئامێری عود بدەن جێگەی خۆی لە جیهانی موزیکی هاوچەرخ بدۆزێتەوە. ئەم ژانرە مۆدێرنانە بە کوالیتی دەنگی بەرز و ئەگەری ژەنینی لەگەڵ باندەکانی گەورەتر دەناسرێن، کە ناوبانگی ئامێری عود لە نێو نەوەکانی نوێدا زیاد دەکات. (عبدالكريم ،1994، 7)

کەواتە دەتوانین بەکورتی بڵێین، ئامێری عود نموونەیەکی زیندووی گەشەسەندنی کەلتووری و هونەرییە بە درێژایی سەردەمەکان. مێژوویەکی دەوڵەمەند لەگەڵ چەندین چیرۆک و دابونەریت هەڵدەگرێت و بەردەوامە لە کاریگەری لەسەر موزیکی جیهانی. ئامێری عود جەخت لەسەر بەهاکانی هونەرە نەریتییەکان دەکاتەوە و چۆن دەتوانێت لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت و لە هەمان کاتدا ڕەگ و ڕیشە بکێشێت. نکۆڵی لە گرنگی هونەری و کەلتووری ئامێری عود ناکرێت، چونکە تەنها ئامێرێکی مۆسیقی نییە، بەڵکو هێمای شارستانیەتێکی دەوڵەمەندە بە مێژوو و هونەر. (عزمي ، 1976، 72)

### ٢.٢ بنچینە و پەرەسەندنی ئامێری عود بە درێژایی سەردەمەکان

ناوی " ئامێری عود " لە وشەی عەرەبی "العود" وەرگیراوە کە بە واتای "دار" دێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ئامێرە لە دار دروست دەکرێت.( محفوظ ، 1935، 15)

لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا لە نزیکەی سەدەکانی ٨ تا ١٣ی زایینی، ئامێری عود بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و بوو بە ئامێرێکی گرنگ لە موزیکی کلاسیکی ئیسلامیدا. زانایانی وەک فاڕابی و زریاب ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە پەرەپێدانی تیۆری موزیک و گەشەسەندنی ئامێری عود . زریاب، کە موزیسیانێکی بەناوبانگ بووە لەسەردەمی عەباسی، چەندین گۆڕانکاری بەسەر ئامێری عود کردوە و ژمارەی ژێیەکانی (تەل) زیاد کرد و تەکنیکی ژەنینی پەرەپێدا. ( رشيد, 2000، 32)

ئامێری عود لە سەردەمی ناوەڕاست ڕێگەی خۆی بۆ ئەورووپا کردەوە و بوو بە بنچینەی ئامێری لوت (Lute) کە لە ئەورووپا بەناوبانگ بوو. لوت و ئامێری عود لە چەندین ڕووەوە هاوشێوەن، وەک شێوە و ژمارەی تەلەکان، بەڵام لوت لە ئەورووپا گۆڕانکارییەکی زیاتری بەسەردا هات. (انور، 1975، 12)

ئامێری عود لە سەردەمی مۆدێرن، لە سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمدا، بەردەوام لە گەشەکردن دابووە، تا ئەوکاتەی بووە بەئامێرێکی گرنگ لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کلاسیکی عەرەبی. موزیک ژەنانی بەناوبانگی وەک (فەرید ئەترەش ، ریاض سونباطی) ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە ناساندنی ئامێری عود بە جیهان. لە ئێستادا،

ئەم ئامێرە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکدا بەکاردەهێنرێت، ئەم ئامێرە واتە ئامێری عود چەند تایبەتمەندیەکی گرنگی هەیە لەوانە:

**١. شێوە و پێکهاتەی:** ئامێری عود ئامێرێکی ژێدارە کە لە دار دروست دەکرێت. شێوەکەی زۆرجار هەرمێیی یان نیمچە خڕە و پشتەکەی بە شێوەیەکی کەوانەیی دروست دەکرێت. قەبارەی ئامێری عود جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی ٧٥ بۆ ١٠٠ سانتیمەتر درێژە. قوڵی جەستەکەی نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ سانتیمەترە، کە ئەمەش یارمەتی دەدات دەنگێکی دەوڵەمەند و تەواو بەرهەم بهێنێت، هەروەک لەم وێنەیەی خوارەوە زیاتر ڕونکراوەتەوە.



**٢. تەلەکانی (ژێی) ئامێرەکە:** بە شێوەیەکی گشتی ٦ جوت ژێ (تەل)ی هەیە واتە ١٢ ژێی یەک دانەیی هەیە، کە بەسەر دوو گرووپ دابەش دەکرێن، ٦ ژێی سەرەکی و ٦ ژێی باس. ژێیە سەرەکییەکان بۆ دەنگە بەرزەکان بەکاردەهێنرێن، لەکاتێکدا ژێیە باسەکان دەنگە نزمەکان پێکدەهێنن. ژێیەکان لە ماددەی جیاواز دروست دەکرێن، وەک نایلۆن یان نوحاس، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر دەنگی ئامێرەکە هەیە. (الشایب، ١٩٩٣، ٢٧)

**٣. دەنگ:** دەنگی ئامێری عود دەنگێکی نەرم و دڵگرە کە بەهۆی شێوە و پێکهاتەکەیەوە دروست دەبێت. دەنگەکەی بە تایبەتی بۆ موزیکی کلاسیکی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گونجاوە. دەنگی ئامێری عود دەتوانێت لە نەرمەوە بۆ بەهێز و پڕ بگۆڕێت، کە ئەمەش وای لێدەکات بۆ جۆرەها جۆری موزیک گونجاو بێت. (الشایب، ١٩٩٣، ٣٢)

**٤. کلیل:** کلیلەکانی ئامێری عود لە سەرەوەی ئامێرەکە دانراون و بەکاردەهێنرێن بۆ ڕێکخستنی (ژێ) تەلەکان. ژمارەی کلیلەکان بە گشتی ١١ یان ١٢دانەن واتە بۆ هەر ژێیەک کلیلێک هەیە، کە هەریەکەیان بۆ تەلێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. کلیلەکان زۆرجار لە دار یان پلاستیک دروست دەکرێن. (الشایب، ١٩٩٣، ٣٤)

**٥. تەکنیکی ژەنین:** ئامێری عود بە زۆر شێواز دەژەنرێت، وەک فلاجولێت، دەبل ستۆپ، ترێل،ڕیشەی عەرەبی و تورکی یان بە بەکارهێنانی پەنجە بەشێوەی (فلامینگۆ). تەکنیکێکە زیاتر لە ئامێری گیتاڕ بەکاردەهێنرێت، بۆ بەرهەمهێنانی دەنگە جیاوازەکان (الشایب، ١٩٩٣، ٣٧)

**٣.٢ جۆرەکانی ئامێری عود:** بە درێژایی مێژوو و لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان، چەندین جۆری جیاوازی لێ دروستکراوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە و بەپێی ناوچە و شێوازی ژەنین و مێژووی موزیکی

ناوچەکە دەردەکەون. لێرەدا باس لە هەندێک لە جۆرە سەرەکییەکانی ئامێری عود دەکەین:

**١. عودی عەرەبی:** یەکێکە لە بەناوبانگترین جۆرەکانی عود کە لە وڵاتە عەرەبییەکان وەک میسر، عێراق، سووریا، و لوبنان بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١١ ژێ (تەل)ی هەیە و دەنگێکی نەرم و دڵگری هەیە. عودی عەرەبی زۆرجار لە موزیکی کلاسیکی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکدا دەبینرێت. (نسیر , 1995 , 18)

**٢. عودی تورکی:** جۆرێکی ترە کە لە تورکیا بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١٠ تەلی هەیە و دەنگێکی نەرمتر و ناسکتری هەیە بە بەراورد بە عودی عەرەبی. عودی تورکی زۆرجار لە موزیکی فۆلکلۆری تورکیدا بەکاردەهێنرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە تیپە موزیکییەکانی تورکیادا دەبینرێت. (gokce، ٢٠٢٢)

**٣. عودی فارسی:** عودی فارسی یان عودی ئێرانی جۆرێکی ترە کە لە ئێران بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١٢ ژێ (تەل)ی هەیە و دەنگێکی نەرم و دڵگری هەیە. عودی فارسی زۆرجار لە موزیکی کلاسیکی فارسی و ڕادیف (سیستەمی موزیکی کلاسیکی فارسی) بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکی ئێرانیدا دەبینرێت. (Farsicity، ٢٠٢٤)

**٤. عودی ئەورووپی (لوت):** جۆرێکی ترە کە لە ئەورووپا بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١١ یان ١٢ ژێ (تەل)ی هەیە و دەنگێکی نەرمی هەیە. لوت زۆرجار لە موزیکی کلاسیکی ئەورووپیدا بەکاردەهێنرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکی ئەورووپیدا دەبینرێت.( شوک,1997,  115)

**٥. عودی یۆنانی:** جۆرێکی ترە کە لە یۆنان بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١٠ بۆ ١١ ژێ (تەل)ی هەیە و دەنگی گڕی هەیە. عودی یۆنانی زۆرجار لە موزیکی فۆلکلۆری یۆنانی بەکاردەهێنرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکی یۆنانییدا دەبینرێت.( حسن, 1999، 60)

**٦. عودی ئەرمەنی:** جۆرێکی ترە کە لە ئەرمینیا بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە عودە بە شێوەیەکی گشتی ١٠ تەلی هەیە و دەنگی نەرمی هەیە. عودی ئەرمەنی زۆرجار لە موزیکی فۆلکلۆری ئەرمەنیدا بەکاردەهێنرێت و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆنسێرتەکان و تۆمارکردنی موزیکی ئەرمەنیدا دەبینرێت. (قصاب, 1998 دمشق  80 و81)

### ٤.٢ ڕۆڵی ئامێری عود لە کەلتووری کوردی دا

لەبەرئەوەی ئامێری عود تاڕادەیەک ئاسانە بۆ هەڵگرتن و بە ئاسانی دەتوانرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە، لە ڕێگەی موزیکژەنەکانەوە بەشداری کردووە لە بڵاوبوونەوەی گۆرانی کوردی و ڕۆژهەڵاتی لە زۆر شوێنی جیهان. تورکەکان (عوسمانی)یەکان زۆرترین کاریگەریان لەسەر پێشخستنی موزیکی عەرەبی و ناوچەکە هەبووە. چونکە تورکەکان حەزیان لە موزیک و گۆرانی بووە و هەمیشە ئەو گۆرانیبێژ و خزمەتکارانەیان لە ماڵەکانیاندا دەهێشتەوە کە لە گۆرانی وتندا شارەزاییان هەبوە. (شمة، ٢٠١٥ ، 21)

ئەو ئامێرە لەباشووری کوردستان بەتایبەت لە شاری هەولیرو دەورو بەری ڕۆڵی تایبەتی خۆی بینیوە تاکو ئێستاش لە نێو گرووپە میللیەکان جێگەی بەرچاوی هەیە. بە تایبەتی لەسەردەمی دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر لە کۆتایی ساڵانی 1970 کە هەردوو هونەرمەند (وریا ئەحمەد، ڕزگار خۆشناو) ئەوئامێرەیان بەشێوازێکی جوان بەکارهێناوە، لەسەرجەم بوارە جیاجیا کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆ نموونە (ئاهەنگە کۆمەڵایەتیەکان، فێستیڤاڵە هونەریەکان، کۆڕوکۆبونەوەکان، بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، ئاهەنگەکان و گەلێکی تریش) ئەوە وایکردوە فۆرمێکی جوان بەگرووپە میللیەکانی وەک تیپی هونەری هەولێر ببەخشێت. بۆیە تائێستا ئەو شێوازە جوانە ڕەنگدانەوەی لە نێو تیپەکانی تری کوردستان هەیە. هەروەها لە شارۆچکەی زاخۆش کۆمەلێک هونەرمەند وەک (سەباح زاخۆیی، سمیر زاخۆیی) گرنگی زۆریان دا بەو ئامێرە بە تایبەتی لەگەڵ گۆرانی بێژان (ئەردەوان زاخۆیی، ئەیاز زاخۆیی) بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر موزیکی کوردی.( جەلال،٢٠٢٤، ٥)

لەشاری هەولێر ئامێری عوود بووە بە ئامێرێکی دڵخواز و دەیان ژەنیاری بەتوانا، سەرەتا خۆڕسکانە و میللییانە و دواتر ئەکادیمیانە خوێنراوە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیان سال بەر لەئێستا ، ئەوەی زیاتر وەک ناو لەناومان دەردەکەوێت سەرەتای سالانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ، ئەوانەی جێ پەنجەیان لەو رووەوە دیارە مامۆستا ( ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ) ناسراو بە ( باکوری) دواتر مامۆستا جمال هیدایەت و وریا ئەحمەد و رزگار خۆشناو و شێرزاد سەرسپی و واحید مەرجان و مستەفا رەئوف و شێرزاد عوزێری و تەحسین تەها و تەلعەت عارف و زرار مستەفا رواندزی و هتد تا سالانی نزیک هەشتاکان و دواتر ئامانج غازی رواندزی و فەرهەنگ غەفوور و ئاراس کۆیی و چەند گەنجێکی دیکەی دەرچوانی پەیمانگەی هونەری هاتنەکایەی بوژانەوەی ئەو ئامێرە هاتنە نێو گۆڕەپانەکە ئەو ئامێرە رۆژ بەرۆژ گەشەی زیاتری بەخۆ بینیوە بەکارهێنراوە. (غفور، ٢٠٢٥)

ئامێری عود گرنگییەکی بەرچاوی کولتووری لە موزیکی کوردیدا هەیە، بۆتە هێمای پەیوەندیکردن بە مێژوو و نەریت و ناسنامەی ڕۆژهەڵاتییەکان. ( رشيد ، 1980، 12). زۆرجار بە دڵی ئامێری موزیکی کلاسیک و فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت. تایبەتمەندیە ناوازەکانی تۆناڵی عود و توانای بەرهەمهێنانی دەربڕینی ورد، وایلێدەکات کە ئامێرێکی ئایدیاڵ بێت بۆ دەربڕینی قووڵایی هەستی سۆزداری و ئاڵۆزی موزیکی کوردی. لە موزیکی کوردیدا زۆرجار ئامێری عود شان بەشانی ئامێرە تەقلیدییەکانی دیکەی وەک دەف و نەی و کەمانچە و تار و ئامێرەکانی تری موزیک دەژەنرێت. ئەم پێکەوەبوونانە دەنگێکی دەوڵەمەند و چیندار دروست دەکەن کە تایبەتە بە گرووپە کوردیەکان. مەودای بەرفراوانی تۆنەکانی ئامێری عود ڕێگەی پێدەدات کە لەگەڵ چەندین فۆڕمی موزیکدا بگونجێت. لە سۆلۆی ئامێرەوە تا یاوەریکردن لە نمایشی دەنگیدا.

ئامێری عود بەشێکی دانەبڕاوە لە پاراستن و گواستنەوەی میراتی موزیکی کوردی. زۆرێک لە موزیکژەنانی کورد بەکاری دەهێنن بۆ گواستنەوەی گۆرانی و چیرۆک و دابونەریت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەمەش وای لێدەکات ببێتە پەیوەندییەکی زیندوو بۆ مێژووی کولتووری کورد. بۆیە تەنها ئامێرێک نییە لە موزیکی کوردیدا بەڵکو هێمایەکی کولتووری ژیانییە کە قورسایی سۆزداری و مێژوویی و هونەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵدەگرێت. ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێت لە پاراستنی دەوڵەمەندی نەریتی موزیکی کوردی و لە دەربڕینی ئەزموونی کوردیدا.

### ١.٣. شیکاری پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتووری لە ڕێگەی موزیک بەگشتی و ئامێری عود بەتایبەت

موزیک وەک ڕێگەیەکی بەهێز و کاریگەر لە پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتووری ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. موزیک تەنها وەک هونەرێکی دەنگ نایەتە ئەژمار، بەڵکو وەک ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی بیرۆکە، هەست، و چیرۆکەکانی کۆمەڵگەکانە. لەم ڕووەوە، موزیک توانیویەتی ناسنامەی کەلتووری جیاواز لە سەرانسەری جیهاندا پەرەپێبدات و پارێزگاری لێبکات. ئامێری عود، کە یەکێکە لە کۆنترین ئامێرە موزکییەکانی جیهان، نموونەیەکی نایابە لەوەی چۆن موزیک دەتوانێت ناسنامەی کەلتووری پەرەپێبدات و بەرەوپێش ببات. موزیک وەک ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ گەیاندنی کەلتوور و ناسنامەی کۆمەڵگەکان کاردەکات. لە ڕێگەی موزیک وە، کۆمەڵگەکان دەتوانن چیرۆکەکانیان، بیرۆکەکانیان، و هەستەکانیان بگەیەنن. موزیک وەک زمانێکی جیهانی کاردەکات کە دەتوانێت سنوورەکانی نێوان کەلتوورەکان لاببات و پەیوەندی نێوان خەڵکە جیاوازەکان دروست بکات. بەهۆی موزیکەوە، کەلتوورەکان دەتوانن خۆیان بناسێنن و لەگەڵ کەلتوورەکانی تر هاوئاهەنگ بن. (حسن, 1998 ، 88)

ئەم ئامێرە بە تایبەتی لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کلاسیکی عەرەبیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە. بۆیە توێژەر پێی وایە کە ئامێری عود نەک تەنها وەک ئامێرێکی موزیکی کاردەکات، بەڵکو وەک سمبولێک بۆ کەلتوور و ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی ناسراوە وعود بە شێوەیەکی بەرفراوان لە موزیکی کوردیشدا بەکاردەهێنرێت و بووەتە ئامێرێکی گرنگ لە پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتووری کوردی.

بە شێوەیەکی زانستی، دەتوانین شرۆڤەی کۆی گشتی هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە بکەین و ئەم بابەتانە لە چەندین ڕووەوە تاوتوێ بکەین. ئەم شیکارییە لە چوارچێوەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، ئاینییەکان،

و نیشتیمانییەکان و هەوڵ دەدەین پەیوەندی نێوان موزیک و ئامێری عود لەگەڵ ئەم لایەنانەدا دیاری بکەین. (الجزراوی ، 2004، 83)

**١. کاریگەری کۆمەڵایەتی:** موزیک و ئامێری عود وەک ڕێگەیەک بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن. لە ڕێگەی موزیکەوە، خەڵک دەتوانن هەستەکانیان دەرببڕن و لەگەڵ یەکتری هاوئاهەنگ بن. ئامێری عود، بە تایبەتی، لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک ئامێرێکی کۆمەڵایەتی ناسراوە کە لە ئاهەنگەکان، بۆنەکان، و کۆبونەوەکاندا بەکاردەهێنرێت. موزیک و عود دەتوانن هەستی هاوڵاتیبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بکەن. (غەفور، ٢٠٢٥)

**٢. کاریگەری سیاسی:** موزیک و ئامێری عود ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بوارە سیاسییەکاندا. موزیک دەتوانێت وەک ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسییەکان و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان بەکاربهێنرێت. لە مێژوودا، موزیک وەک ڕێگەیەک بۆ نیشاندانی نارەزایی و هاندانی شۆڕش و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەکارهاتووە. عود، بە تایبەتی، لە چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینیدا وەک ئامێرێکی سیاسی ناسراوە کە لە گۆرانییە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێت. موزیک و عود دەتوانن هەستی نیشتیمانیبوون و پەیوەندییە سیاسییەکان بەهێز بکەن.

**٣. کاریگەری ئاینی:** موزیک و ئامێری عود ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بواری ئاینییەکاندا. موزیک دەتوانێت وەک ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی پەیامە ئاینییەکان و هاندانی خەڵک بۆ پەیڕەویکردنی ئایین بەکاربهێنرێت. لە مێژوودا، موزیک وەک ڕێگەیەک بۆ نیشاندانی پەیامە ئاینییەکان و هاندانی خەڵک بۆ پەیڕەویکردنی ئایین بەکارهاتووە. عود، بە تایبەتی، لە چەندین ئایین و کۆمەڵگە ئاینییەکاندا وەک ئامێرێکی ئاینی ناسراوە کە لە گۆرانییە ئاینییەکاندا بەکاردەهێنرێت. موزیک و عود دەتوانن هەستی ئاینیبوون و پەیوەندییە ئاینییەکان بەهێز بکەن. بۆنموونە چەندیین گۆرانی زیکر و پاڕانەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەمانگەکانی ڕەمازانی پیرۆزدا پەخش کراوە لەساڵانی ڕابردوو، کە تەنها بەیاوەری ئامێری عود تۆمار کراوە. (عباس, 1986، 67)

**٤. کاریگەری نیشتیمانی:** موزیک و ئامێری عود ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بواری نیشتیمانییەکاندا. موزیک دەتوانێت وەک ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی پەیامە نیشتیمانییەکان و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی نیشتیمان و کەلتووری خۆیان بەکاربهێنرێت. لە مێژوودا، موزیک وەک ڕێگەیەک بۆ نیشاندانی هەستی نیشتیمانیبوون و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی نیشتیمان و کەلتووری خۆیان بەکارهاتووە. ئامێری عود، بە تایبەتی، لە چەندین نەتەوە و کۆمەڵگە نیشتیمانییەکاندا وەک ئامێرێکی نیشتیمانی ناسراوە کە لە گۆرانییە نیشتیمانییەکاندا بەکاردەهێنرێت. موزیک و عود دەتوانن هەستی نیشتیمانیبوون و پەیوەندییە نیشتیمانییەکان بەهێز بکەن. هەروەک لە سروودەکانی هونەرمەندان ناسری ڕەزازی و گۆرانیەکانی هونەرمەند تاهیر تۆفیق زۆر بەڕوونی باس لە هەستی نیشتیمانی دەکات کە بەیاوەری ئەم ئامێرە چڕدراوە بۆ نموونە لەگۆرانی شیرین بەهارە کە هۆنراوەی ابراهیم ئەحمەدە. لەگەڵ چەندین نموونەی تری زیندووی وەک هەنوەرمەند حەمە جەزا لەگەڵ هونەرمەند ڕزگار خۆشناو تۆماریان کردووە بە ئامێری عود بەناوی شەو درەنگە ساقی لەهۆنراوەی (هێمن موکریانی). لێرەدا ڕۆڵی ئەم ئامێرە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت.

**٥. شیکاری کۆی گشتی:** موزیک و ئامێری عود کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، لەوانە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، و نیشتیمانی. ئەم کاریگەرییانە تەنها لەسەر ئاستی تاکەکەسی نین، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و نەتەوەکانیش دەردەکەون. موزیک و عود دەتوانن هەستی هاوڵاتیبوون، نیشتیمانیبوون، ئاینیبوون، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بکەن. ئەم شیکارییە زانستییە نیشان دەدات کە موزیک و ئامێری عود تەنها وەک هونەرێکی دەنگ نایەتە ئەژمار، بەڵکو وەک ڕێگەیەک بۆ گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، ئاینییەکان، و نیشتیمانییەکان کاردەکەن. (شورة، 2006 ، 19)

## ٤. ئەنجامەکانی توێژینەوە

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە ئامێری عود کاریگەرییە کەلتورییەکانی لەسەر ئاستی پێشکەوتنی ژەنیندا چەندین لایەنی گرنگ لەخۆ دەگرێت کە جەخت لەسەر کاریگەرییە ئەرێنیەکانیان لەبواری ڕۆشنبیریدا دەکاتەوە

1. ئامێری عود پردێکە لە نێوان کەلەپووری کەلتووری و داهێنان، هەروەها لە موزیکی جۆراوجۆردا ڕەنگ دەداتەوە.

**2.** ئامێری عود  لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکانی وەک ئاهەنگی هاوسەرگیری و بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنرێت، چونکە پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات.

**3.** ئامێری عود  سیمبولی داهێنانی هونەری و کەلتووری دەردەخات و ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی بە شێوازێکی جیاواز دەردەبڕێت.

**4.** ئەوپارچە موزیکانەی کەلەبنەڕەتدا بەبەتی گۆرانین لەسەر ئامێری عود  یارمەتیدەر بووە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هاندان و گۆڕانکاری بەردەوام.

**5.** ئامێری عود  وەک ئامرازێک بۆ فێرکردنی  موزیک  بەکار دەهێنرێت، چونکە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی توانای هونەری نەوەکانی نوێ.

**6.** ئامێری عود  بەشێکی گرنگە لە کەلەپووری  موزیک ی ڕۆژهەڵاتی و هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هونەرە هاوچەرخەکاندا، چونکە لەگەڵ شێوازەکانی  موزیکی هاوچەرخ تێکەڵ کراوە.

**7.** ئامێری عود کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کەلتووری موزیکی ڕۆژهەڵاتی و جیهانی هەبووە، چونکە زۆرێک لە موزیکژەنەکان کاریگەری شێوازە بێهاوتاکەی بوون.

## ٥. دەرەنجامی توێژینەوە:

**1.** ئامێری عود هێمای کەلەپووری موزیکی کوردییە. لە ڕێگەی پەروەردەییانەوە، ئەم کەلەپوورە دەپارێزرێت و پەرەی پێدەدرێت و یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری لە نەوەکانی نوێدا.

**2.** بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی ئامێری عود وەک بەشێک لە کەلەپووری کەلتووری کوردی و ڕۆڵی لە برەودان بە ناسنامەی کەلتووری و موزیک.

**3.** لەگەڵ زیادبوونی خواست لەسەر موزیکژەنانی پرۆفیشناڵ، پەروەردەی ئامێری عود دەتوانێت دەرگای نوێ بۆ قوتابیان بکاتەوە لە بوارەکانی وەک، فێرکردن و بەرهەمهێنانی موزیک، کەئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

**4.** بە لێکۆڵینەوە لە ئاستەنگەکان و دەرفەتەکانی پەروەردەی ئامێری عود، دەتوانرێت پرۆگرامی پەروەردەیی کاریگەرتر پەرە پێبدرێت و یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی کوالیتی پەروەردەی موزیک بە گشتی.

**5.** شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی پەروەردەی ئامێری عود دەبنەوە، لەوانە کەمی سەرچاوە، کەمی مامۆستای لێهاتوو و فاکتەرە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان.

**6.** دیاریکردنی دەرفەتەکان بۆ باشترکردنی ئەزموونی فێربوون، وەک بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، پەرەپێدانی مەنهەج، و بەهێزکردنی پاڵپشتی کۆمەڵگە.

**7.** خوێندنی پرۆگرامی خوێندنی هەنووکەیی بەکارهاتوو لە فێرکردنی ئامێری عود و هەڵسەنگاندنی کاریگەری لە دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابیان و پێداویستییەکانی بازاڕی کار.

**8.** پێشکەشکردنی پێشنیاری کرداری بۆ باشترکردنی فێرکردنی ئامێری عود، لەوانە پەرەپێدانی میتۆد، دابینکردنی سەرچاوەی پەروەردەیی، و زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانی لێهاتوو.

بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، توێژینەوەکە ئەزموونی پەروەردەی موزیک لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان پەرەپێ دەدات و یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەرەپێدانی توانای هونەری قوتابیان و بەرزکردنەوەی پێگەی موزیک لە کۆمەڵگادا.

## ٦. ڕاسپاردەکان

**1.** نوێکردنەوەی میتۆدی خوێندن لە پەیمانگاکان و زانکۆکان بۆ خوێندنی ئامێری عود و مێژوو و گرنگی وەک بەشێک لە کەلەپووری کولتووری.

**2.** پاڵپشتیکردنی پڕۆژە کلتوری و هونەرییەکان کە ئامادەبوونی ئامێری عود لە بۆنە هونەرییەکاندا بەهێز دەکات، وەک فێستیڤاڵە میوزیکییەکان.

**3.** ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و کۆنفرانس بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە گرنگی ئامێری عود و چۆنیەتی جێبەجێکردنی و کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی.وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

**4.** هاندانی توێژینەوەی ئەکادیمی قووڵ کە کاریگەری گەڕانەوە بۆ بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییەکاندا چارەسەر بکات. وەزارەتی خوێندنی باڵا و ڕێکخراوە مەدەنیەکان.

**5.** بەخشین و پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە کار بۆ زیندووکردنەوەی هونەری ژەنینی ئامێری عود دەکەن و یارمەتیدانیان بۆ پێشکەشکردنی کاری نوێ و داهێنەرانە. سەرجەم وەزارەتەکان.

**6.** دامەزراندنی پەیمانگای زیاتر و تایبەت بۆ فێرکردنی ئامێری عود بە تیشک خستنە سەر تەکنیکی تەقلیدی و هاوچەرخ لە ژەنیندا. وەزارەتی پەروەردە

**7.** بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری کە تیشک دەخاتە سەر مێژوو و گرنگی و کاریگەری ئامێری عود لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتیدا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بەردەستی خەڵک بکەوێت. وەزارەتی ڕۆشنبیری.

**8.** هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە کولتوورییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ بەهێزکردنی ئامادەبوونی ئامێری عود لە بۆنە کەلتوورییەکاندا کە یارمەتیدەرە بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتووری.

**9.** ڕێکخستنی پێشبڕکێی هونەری بۆ موزیک ژەنەکان و ژەنیارانی عود ، بۆ هاندانی داهێنان و داڕشتن و جێبەجێکردنی کارە موزکییەکان. وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری.

**10.** بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ برەودان بە هونەری عود، وەک ئەپڵیکەیشنی فێربوونی مۆبایلی زیرەکی و ڤیدیۆی فێرکاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای کۆلێجی ئەندازیاری.

**11.** پاڵپشتی ئەو هونەرمەندانە بکرێ کە ئامێری عود دروست دەکەن و ئاسانکاری بۆ دەستگەیشتن بە کەرەستەی بەرهەمهێنانی باش، کە کوالیتی بەرز دەکاتەوە و بەردەوامی ئەم کەلەپوورە مسۆگەر دەکات. وەزارەتی ڕۆشنبیری.

## ٧. پێشنیازەکان

**1.** برەودان بە میتۆدی مۆدێرن بۆ فێرخوازانی ئامێری عود.

**2.** بەکارهێنانی گۆرانی و میلۆدی کوردی لەناو میتۆدی ئامێری عود.

**3.** ڕۆڵی ئافرەتانی کوردستان لە ژەنینی ئامێری عود.

**4.** یەکخستنی میتۆدێکی یەکگرتوو لە پەیمانگاکان و کۆلێژەکانی موزیک.

**5.** ڕۆڵی ئامێری عود لە گرووپە موزیکیەکانی کوردستان.

**6.** جێبەجێکردنی تەکنیکی ئامێری عود لای ژەنیاری کورد.

**7.** ژەنیاری ئامێری عود لەنێوان ناوەندی ئەکادیمی و بازاڕی کار.

**8.** بەراوردکاری ژەنین و تەکنیک لەنێوان ژەنیارە بەتواناکانی کوردستان.

**٨. سەرچاوەکان:**

– الأيوبي، عبد الرحمن، .(1985)مدخل إلى دراسة التاريخ .بيروت: دار النهضة العربية.

– توفيق الصباغ، .(1950)الدليل الموسيقي في طرب الانخام .غير مذكور مكان الطبع.

– جەنگی جەلال، (2024). "ئامێری عود رەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر موزیکی کوردی". راپۆرت على رێگای کوردستان. متاح عبر الرابط : https://shorturl.at/lqlnk

– حبيب طاهر عباس، .(1986)الموسوعة الموسيقية .دار الحرية للطباعة، بغداد.

– حسن، أحمد، .(2002)الموسيقى العربية وآلاتها .القاهرة: مكتبة الأسرة.

– حورية عزمي، .(1976)سياسات آلة العود، الجزء الأول.

– د.صبحي أنور رشيد، .(1975)الآلات الموسيقية في العصور الإسلامية .دار الحرية للطباعة، بغداد.

– د.صبحي أنور رشيد، .(1980)الموسيقى في العراق القديم، الطبعة الأولى.

– د.صبحي أنور رشيد، .(2000)موجز تاريخ الموسيقى والغناء العربي .دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

– سالم عبدالكريم، .(1994)دراسات لآلة العود، الجزء الأول .بغداد.

– سلمى قصاب حسن، (1998). "الحياة الموسيقية". مجلة فصلية تصدر عن وزارة الثقافة، دمشق.

– الطائي، عبد العزيز، .(2010)علم النفس الاجتماعي .الرياض: مكتبة العبيكان.

– علي شوك، .(1997)الموسيقى بين الشرق والغرب .منشورات الجمل، كولونيا، ألمانيا.

– ماجد نسير، .(1995)مدخل إلى مقام العراقى .دار كونان، لندن.

– مجلة الحياة الموسيقية، (بدون سنة). عدد 54، سوريا.

– محمد فواد محفوظ، .(1935)تعليم الموسيقى الشرقية .مطبعة الترقي، دمشق.

– مركز دراسات الوحدة العربية، .(2004)موسيقانا العربية: أسئلة الأصالة والتجديد .بيروت.

– مهدي كمون، (بدون سنة). "الكندي وآلة العود". مجلة الحياة الموسيقية، عدد 54، سوريا.

– مهيمن إبراهيم الجزراوي، .(2004)خصائص اللحنية والإيقاعية في أغانى المرافقة للمقام العراقى .مطبعة الأنعام.

– نبيل شورة، .(2006)قراءات في تاريخ الموسيقى العربية .القاهرة.

– الندوي، عبد الرزاق، .(2015)مدخل إلى علم التطور .القاهرة: المركز الثقافي العربي.

– نصير شمة، (2015). "دور العود في تطور مسيرة الموسيقى الشرقية". مجلة الموسيقى العربية. متاح عبر الرابطhttps://shorturl.at/OCVvf :

– هاشم الرجب، (2017). "الرسالة الشرقية في النصب التلحيفي لصفي الدين الأرموري."

– هنري فارمر، .(1987)تاريخ الموسيقى .بيروت.

– علماء الحملة الفرنسية، (ت.الشايب، زهير). (١٩٩٣). وصف مصر، الٱلات الموسيقية المستخدمة عند المصريين المحدثين. دار الشاينب للنشر. القاهرة.

–غەفور، فەرهەنگ. ٢٠٢٥. هەولێر. چاوپێکەوتن.

-gokce engin. Features of Turkish Oud. Aug 31, 2022. https://shorturl.at/RztYX.

-Farsicity. The Persian Oud: History and Significance. Aug 12, 2024. https://shorturl.at/8F1aT

**The Oud: Its Reflections on Playing level and Development of Music**

**Harem Jamal Rashid**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Harem.haweze@su.edu.krd

**Srwd Foad Muhammed**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
surwd.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**
The oud instrument is a traditional musical instrument which has a long and deep history in Arab, Kurdish and Islamic cultures. The ouds body consists of different types of woods with several strings that are played with the fingers or plectrum. The history of It comes back to thousands of years, scholars believe that the oud originated in Mesopotamia and then spread to other parts of the world, including the Middle East and North Africa. The oud was more important than a musical instrument. It has played a major role in social and political culture throughout the ages. In Arab societies in general and Kurdish societies in particular, the oud has been a symbol of art and cultural identity. Evenings of music, bringing family and friends together and strengthening social bonds through playing and singing have reflected a rich legacy of stories and emotions. Politically, the oud has been associated with the cultural movement and the Eastern world. Artists and inventors have used it to express their opinions and attitudes towards social and political changes. The oud was also a means of communicating political and social messages through songs and melodies that have deep meaning. In practice, the oud is an important part of musical culture. Because it is used in various occasions such as weddings and parties and creates a balance between the old and the modern in the world of contemporary art. It is also a means of training and teaching new generations in the art of music, preserving rich cultural heritage. The oud also represents a connection between the past and the present, reflecting a long history of innovation and expression, and continues to maintain its position as a major component of Oriental art and music.
**Key words:** History, Oud Instrument, Reflection, Improvement.

**آلة العود: انطباعها على مستوى العزف والتطور الموسيقى**

**هەرێم جمال ڕشيد**
قسم الموسيقى، كليه الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، عيراق
Harem.haweze@su.edu.krd

**سرود فؤاد محمد**
قسم الموسيقى، كليه الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان، عيراق
surwd.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**
العود آلة موسيقية تقليدية لها تاريخ طويل وعميق في الثقافات العربية والكردية والإسلامية، يتكون جسم العود من أنواع مختلفة من الأخشاب مع عدة أوتار يتم العزف عليها بالأصابع أو الريشة، يعود تاريخ العود إلى آلاف السنين، يعتقد العلماء أن العود نشأ في بلاد ما بين النهرين ثم انتشر إلى أجزاء أخرى من العالم، بما في ذلك الشرق الأوسط وشمال إفريقيا. كان العود أكثر أهمية من مجرد آلة موسيقية، فقد لعب دورًا رئيسيًا في الثقافة الاجتماعية والسياسية عبر العصور . في المجتمعات العربية بشكل عام والمجتمعات الكردية بشكل خاص، كان العود رمزًا للفن والهوية الثقافية. عكست أمسيات الموسيقى وجمع العائلة والأصدقاء وتعزيز الروابط الاجتماعية من خلال العزف والغناء إرثًا غنيًا من القصص والعواطف. سياسياً، ارتبط العود بالحركة الثقافية والعالم الشرقي، استخدمه الفنانون والمخترعون للتعبير عن آرائهم ومواقفهم تجاه التغيرات الاجتماعية والسياسية. كان العود أيضًا وسيلة لتوصيل الرسائل السياسية والاجتماعية من خلال الأغاني والألحان ذات المعنى العميق. في الواقع العملي، يعد العود جزءاً مهماً من الثقافة الموسيقية، لأنه يستخدم في مناسبات مختلفة مثل حفلات الزفاف والحفلات ويخلق التوازن بين القديم والحديث في عالم الفن المعاصر ، كما أنه وسيلة لتدريب وتعليم الأجيال الجديدة في فن الموسيقى، والحفاظ على التراث الثقافي الغني، كما يمثل العود صلة الوصل بين الماضي والحاضر ، ويعكس تاريخاً طويلاً من الإبداع والتعبير ، ويستمر في الحفاظ على مكانته كمكون رئيسي في الفن والموسيقى الشرقية.
**الكلمات مفتاحية:** تاريخ، آلة العود، انطباع، تطور